هۆشیار سیوەیلی لەگەڵ شاندێکی کونسوڵخانەی بەریتانیا کۆدەبێتەوە

بەریتانیا پشتگیری لە مانەوە و بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی کرد لە بەرپرسی بەشی سیاسی کۆنسوڵخانەی گشتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا. هوشیار سیوەیلی بەخێرهاتنی لوسی سمیس بەرپرسی بەشی سیاسی کونسوڵخانەی بەریتانیا و شاندی میوانی کرد، سیوەیلی بەوردی باسی لە روداوەکانی چەند مانگی رابردوو کرد کە ئەوە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق و حکوومەتەکانی زاڵبوونی عەقڵییەتی تایەفی و بەهێزبوونی دەستەڵاتی ناوەندە بە مەبەستی چەوساندنەوەی گەلانی تری عێراق. گەلی کوردستان دوور لە خواستی خۆی و بۆ بەرژەوەندی گەلانی تر کراوە بە بەشێک لە عێراق، لەگەڵ ئەم زوڵمەش کە لێکراوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی کردووە لەو نەهامەتی و جینۆسایدانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون.

هەر لە میانەی ئەو کفتوگۆیانەدا سیوەیلی ئەوەشی خستەڕوو گەلی کوردستان زۆر نیگەرانە لە سیاسەتی نادەستووریانەی حکوومەتی عێراق و ئازاردانی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان و ئابلۆقە خستنە سەر کوردستان و بەکارهێنانی هێز، بەڵام ئەم کارنە چاوەڕوانکراوە لە حکوومەتی عێراق و ئەوەی چاوەڕوان نەکراوە و جێگای نیگەرانییە هەڵویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. هەروەکو لای هەموان ئاشکرایە حکوومەتی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەیان دەستپێکردووەتەوە و دەیانەوێت بەهێز ئەمری واقیع لەو ناوچانەدا بسەپێنن، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکوومەتی بەریتانیا تاکو ئێستا هیچ کاردانەوەێکیان بەرامبەر بەو پێشێلکاریانە نەبووە. گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیدا بۆ ئەوەی دووچاری جینۆساید و ئەنفالێکی دیکە نەبێتەوە و ڕێگە بگرێت لە چەوساندنە و برسێتیکردنی گەلی کوردستان و وێرانکردن و داگیرکردنی ماڵ و موڵکی خەڵکی کوردستان لە ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان داوای جێبەجێکردنی دەستوور دەکات و داوا دەکات فشارەکان بۆ سەر عێراق زیاد بکریت بۆ دانان بە مافە دەستورییەکانی گەلی کوردستاندا.

لوسی سمس بەرپرسی بەشی سیاسی کونسوڵخانەی بەریتانیا، سوپاسی گەل و حکوومەتی کوردستانی کرد بۆ ئەو هەڵویست و خەباتەی کە کردوویانە بۆ پاراستنی ئازادی و پاراستنی بەهاکانیان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە. سمس ئەوەشی دووپاتکردووە کە حکوومەتی بەریتانیا پشتگیری لە مانەوە و بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێم دەکات لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، حکوومەتی هەرێم پێشکەوتنی زۆری لە زۆر بواردا بەدەستهێناوە، بۆیە گرنگە ئەوە بەرەو پێشەوە چوونە بەردەوامبێت، بەردەوامی ئەو بەرەوپێشەوەچوونەش پێویستی بە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی هەیە کە ئێمە ئامادەین هەموو هاوکاری و پشتگیرییەک بکەین. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی بەهێزی شەڕی تیرۆرە و ڕوڵ و کاریگەرییەکانی نابێت لەبەرچاو نەگیرێت و ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە. هەروەک لە رابردوودا حکوومەتی بەریتانیا رایگەیاندووە کاریگەر و پەیوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا و هەر هاوکارییەکیش پێویست بێت ئامادەین پێشکەشی بکەین، چونکە سەقامگیر و بەرەو پێشەوەچوونی لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە. لە درێژەی ئەو دیدارەدا باس لە دواین هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان کرا بۆ لێکنزیککردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان و نێوان لایەنە سیاسییەکان، تەئکیدکرایەوە کە یەکڕیز و یەکدەنگی لایەنەکان کاریگەری دەبێت لە بەرەوپێشەوەچوون و بەهێزکردنی پێگە و هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەردوولا جەختیان لە گرنگی هەماهەنگی و بەهێزکردنی و بەردەوامی پەیوەندی و دیدارەکان کردەوە.

کۆنفرانسی ڕۆشنبیری و توندوتیژی لە هەولێر بەڕێوەچوو

سەفین دزەیی: دەبێت بنەبڕکردنی توندوتیژیی بخرێتە ناو پڕۆسەی خوێندن

لەژێر چاودێری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەی لە هەولێر سازکرد لە ژێرناوی ڕۆشنبیری و توندوتیژی. لە کۆنفرانسکەدا سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خالید دۆسکی، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، چەندین کەسایەتی ئەکادیمی و شارەزا لە بوارەکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئامادەبوون. وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان گوتارێکی پێشکەشکرد لەبارەی ڕۆشنبیری و توندوتیژی و هەنگاوەکانی کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی توندوتیژی و تیشکی خستەسەر سێکتەرەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو پڕۆسەیە.

پاشان سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند: توندوتیژی لە هەموو شوێنێکی جیهان بوونی هەیە و توندوتیژی بەو مانایە نییە کە تەنیا دەبێت لە گۆڕەپانی شەڕدا بوونی هەبێت، بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستانیش، دەبێت ناوەندەکانی زانستی و زانکۆکان بنەبڕکردنی ئەو حاڵەتە بخەنە ناو پڕۆسەی خوێندن و هەر لەسەرەتاوە قوتابییەکانی لێ هۆشیار بکرێتەو و کار بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

هەڵگورد حیکمەت: ئەوانەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نەبوون لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت

دوای ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک و خورماتوو و چەند ناوچەیەکی دیکە پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نەبوون، بەڕێوبەری گشتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، ئەوانەی پابەندی بڕیارەکانی ئێمە نەبوون، لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و جارێکی تر ڕێکدەخرێنەوە.

دوێنێ چوارشەممە، عەمید هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوبەری گشتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ماڵپەڕی وشەی ڕاگەیاندووە، پابەندنەبوونی فەرماندەیی شنگال بە بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کشانەوەی خۆی ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتی کردووتەوە، بۆیە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر، هیچ پێوەندیان بە ئێمەوە نەماوە و ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و ڕێکاریی یاسایی دەبنەوە. زیاتر گوتیشی، هەموو ئەو هێزانەی پابەندی وەزارەتی پێشمەرگە نەبوون، لەوانە لە کەرکووک و لە شنگالیش، ڕووبەڕووی لێپچینەوەیان دەکەینەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بەکات هەیە، تا ئەوکارە ئەنجامدەدرێت.

پێشانگەیەکی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی خوورماتوو کرایەوە

جەعفەر ئێمینکی: دەبێ کارەساتی خورماتوو بەجینۆساید بناسێندرێت

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە میانی کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەت بە ڕووداوەکانی خوورماتوو و دەوروبەری، ڕایگەیاند: لە لایەن لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو کارەساتەی کە بەسەر خەڵکی خورماتوودا هاتووە ئامادەکراوە و پێویستە ئەو کارەساتە بەجینۆساید بناسێندرێت.

دوێنێ چوارشەممە 2017/12/6 لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان، پیشانگایەکی تایبەت بەو تاوانانەی کە لە لایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی دژ بە خەڵکی مەدەنیی خورماتوو ئەنجامدرا، کرایەوە. پیشانگاکە لە ژێر چاودێریی دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و خاتوو بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کونسوڵی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و قایقمامی قەزای دووزخورماتوو و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی خەڵکی ئاوارەبووی دووزخوورماتوو و دەوروبەری و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میوانان و ڕاوێژکاران و فەرمانبەرانی پەرلەمان، کرایەوە.

دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە میانی کردنەوەی پێشەنگاکەدا لە وتەیەکدا باسی لە گەورەیی کارەساتەکە و ئەو تاوانە کرد کە دژ بە خەڵکی مەدەنیی دووزخوورماتوو دەوروبەری ئەنجامدراو ڕایگەیاند: پێویستە ئەو تاوانکارییەی کە بەسەر خەڵکی مەدەنیی دووزخورماتوو و دەوروبەری دا هاتووە بەجینۆساید بناسێندرێت، چونکە ئەوەی بەسەر ئەو خەڵکە مەدەنییەدا هاتووە جینۆسایدە. جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتیشی، لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بەو پرسە ئامادەکردووە، هەروەها ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیش ڕاپۆرتییان ئامادەکردووە و هەموویان باس لە ئەنجامدانی تاوانکاری دەکەن لە دووزخورماتوودا. هەر لە گوتەکەیدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هەرچی زووە ئەو تاوانکارییە بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە ڕابگیرێت و ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوەو خەڵکی زیانمەندبوو قەرەبوو بکرێنەوە.

لە ترسی ئاشکرابوونی تاوانەکان حەشدی شەعبی ڕێگە نادات یو ئێن سەردانی خورماتوو بکات

حەشدی شەعبی تاوانی گەورەی لە گەڕەکە کوردییەکان لە شارۆچکەی خورماتوو لە بەرامبەر هاوڵاتییانی کورد و ماڵ و موڵکیان ئەنجامداوە، سەرەڕای ئەمەش دەسەڵاتدارانی عێراق نکۆڵی لەو ڕاستە دەکەن، تەنانەت نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕاپۆرتی خۆی کەوتە داوی هەڵەی سەرکردە عێراقییەکان، بەڵام کورد ڕاستییەکانی خستەڕوو، بۆ بینینی ڕاستییەکان تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی خورماتووی کرد، بەڵام چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕێگری لێکردن و ڕێگەیان نەدا وێرانکارییەکان و تاوانەکان ببینن.

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لەم بارەیەوە بە کوردستان24ی ڕاگەیاندووە، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان لەبارەی پێشێلکارییەکانی خورماتوو ڕادەستی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغدا کردووە و بەڵێنیان پێداوین کار لەسەر ڕاپۆرتەکە بکەن. گوتیشی، تیمێکی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی خورماتوویان کردووە، بەڵام لە لایەن حەشدی شەعبی ڕێگرییان لێکراوە سەردانی گەڕەکە کوردنشینەکان بکەن.



بوومەلەرزەیەک چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی هەژاندەوە

بەیانیی دوێنێ چوارشەممە، بوومەلەرزەیەک سنووری شاری سلێمانی و هەڵەبجەی هەژاند و بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاند، بوومەلەرزەکە پاشکۆی بوومەلەرزە بەهێزەکەی مانگی ڕابردوو بووە. فازڵ ئیبراهیم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە، سەعات 8:53 خولەک بە کاتی هەرێمی کوردستان، بوومەلەرزەیەک بە دووری 18 کیلۆمەتر لە پارێزگای هەڵەبجە تۆمار کرا و سەنەتەری بوومەلەرزەکەیش لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان ڕوویداوە و گوڕەکەی 4.9 پلەی ڕێختەر بووە لە قووڵایی 8 کیلۆمەتر لە ناخی زەوی کە هاووڵاتییانیش بە ڕوونی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە هەستیان پێیکردووە، بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانی نەبووە. ئیبراهیم دەشڵێت، بوومەلەرزەکە بەشێک بووە لە پاشکۆکانی بوومەلەرزەکەی ڕۆژی 11-12ی مانگی ڕابردوو کە بڕگەی 7.3 پلە بوو بە پێوەری ڕێختەر، ئەمەیش دوای ئەو پاشکۆیانە دێت کە تاوەکو ئێستا لە سەرووی 600 بوومەلەرزەوە تۆمار کراوە لە دوای 12ی مانگی ڕابردوو، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە نێوان 2 بۆ 3 پلە بووە بەپێوەری ڕێختەر و هاووڵاتیان هەستیان پێ نەکردووە. بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان ئاماژەیشیدا، دەمانەوێت هاووڵاتییان بزانن ئەو بوومەلەرزانە بەشێکن لە پاشکۆکان و بوومەلەرزەی نوێ نین کە تۆمارکراون و جێگای ترس نین، چونکە پێشبینی ناکرێت زەوی لە ئێستادا ئەو هێزە زۆرەی تێدا کۆببێتەوە کە پێویستی بە چەند ساڵێکە تاوەکو بوومەلەرزەی بەهێز لە هەر ناوچەیەک ڕوو بدات. ڕۆژی 2017/11/12 بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەرێمی کوردستانی هەژاند و لە سەرجەم شارەکان لە لایەن هاووڵاتییانەوە هەستی پێ کراوە، لەبەر بەهێزیی پلەکەیشی کە 7 پۆینت 3 پلە بوو بە پێوەری ڕێختەر، زیانی گیانی و ماددییشی هەبوو کە بەهۆیەوە تەنیا لە هەرێمی کوردستان 8 کەس گیانیانلەدەستدا.